کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 19:54 7-2-2007

# هەڵەبجە و بارزانی ... حەمە خان هەڵەبجەیی

سالّی رابردوو سەرۆکی کوردستان مەسعود بارزانی سەردانی هەڵەبجەی شەهیدی کرد و، لەوی لەناو هەڵەبجەدا ئەو بارە نەشازو نەگونجاوەی بینی کە بەسەر هەڵەبجەو خەڵکی هەڵەبجەدا هاتووە، سەرۆکی کوردستان بە تەواوی درکی بەوە کردبوو کە هەڵەبجە هەر لە سەردەمی بەعسەوە تا دەگات بە ئیماراتە رزیووگەندەڵەکەی بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی کە بە ناجۆرترین شێوە رەفتاریان لەگەڵ خەڵکەکە دەکردو بستێك شەقامیشیان ئاوەدان نەکردەوە، بگرە رۆژ لە دوای رۆژ هەڵەبجەیان وێران و وێران تر دەکرد، تا وای لێهات هەموو خەڵکەکەی هەڵەبجە بڕوایان بە ئینتیما بۆ هەڵەبجەو کوردستان نەمێنێت و، هەڵەبجەش بووە کەلاوەخانە، ئەمە بەردەوام بوو تا وایلێهات هەڵەبجە کەوتەوە دەست یەکێتی نیشتیمانی، ئەم کەوتنەوەیە دەستی یەکێتی یە، زۆر قورس بوو، چونکە هەڵەبجەیەکی وێران تەسلیم بە (ینك) کرا، بۆیە دەبوو ینك پڕۆژەی ئاوەدانکردنەوەی بۆ بخاتە کار، دەبوو ئەو خەڵکەی بێزار بوونە لە دروشم و سیاسەتی درۆزنانە، بیانهێنێتەوە سەر رێگای راست، بەڵام بە داخەوە یەکێتی نەك ئەمەی نەکرد بەڵکو ئەویش هەمان سیاسەتی بزووتنەوەی ئیسلامی بەکار هێنا، ئەویش هات مەڵبەندو کۆمیتەی کردەوە لە جیاتی پڕۆژەی خزمەتگوزاری، ینك هات جاری زوو دەستی بەکاری موخابەراتی کرد و خەڵکێکی زۆری گرت بە ناوی ئەوەی ئەوانە بزووتنەوە بوون و ... ئیتر. کەچی نەهات بزانی دەردی گەورەی ئەم خەڵکە لە کوێیە، بۆیە خەڵکی هەڵەبجە ئەوەنەی تر بێزار بوون، بێزار بوون لە ژیان، بێزار بوون لە سیاسەت، بێزار لە نیشتمانیش.

ئەوەی تۆزێك ئومێدی خستەوە دڵمان ئەو سەردانە مێژووییە بوو کە سەرۆك بارزانی هاتە هەڵەبجە و هات هەموومانی دڵخۆش کردو هەموومان وەکو تاکە سەرۆکی خۆمان سەیرمان دەکرد، سەرۆکیش کە هات لە واقیع حاڵی هەڵەبجە حاڵی بوو، بۆیە پێش هەموو شتێك بڕیاری لەسەر چەند پڕۆژەیەك دا بۆ تەواوکردنیان کە داخوازی خەڵکەکە بوو، بی ئەوەی هیچ جیاوازییەك بکات لە نێوان خەڵکەکە یان گەڕەکەکان، کەچی سەیرو سەمەرەکە لەوەدابوو ئەوەی لە سەرەوە ناوی راگەیاندنی ئازادە کەوتنە بەر تیرو نەشتەر کردن گوایا بەڵێنەکانی سەرۆك بارزانی ناهێنە واری جێبەجێکردنەوەو گوێمان پڕ بوو لە بەڵێن و بەڵێنکاری بەرپرسان و ... ... تەنانەت هەوڵەکانیان بۆ ئەوە بوو خەڵکی هەڵەبجەش تووشی بی بڕوایی بکەن و بڵێن هەر ئێمە نین دەتانچەوسێنینەوەو هیچ کاری جیدیتان بۆ ناکەین ئەوەتا پارتی و تەنانەت سەرۆکی کوردستانیش هیچ کاری باشتان بۆ ناکەن بۆیە ئێوە هەر لە ئێمە مەڕەنجێن، بەڵکو کاتی ئەوە هاتووە دژی پارتی و بارزانیش بن، ئەم نیازگڵاوی و ئەم کاری فیتنەییە زۆر بە روونی لە رۆژنامەکانی کە لە ژێر دەسەڵاتی یەکێتی دەردەچن و گوایا ئەهلین!!! بڵاودەکرایەوە و زۆر قسەی زل زلیشیان تێدا دەنووسی!!.

کەچی کاتێك سەرۆك بارزانی لە سەرەتای ئەم هەفتەیە نوێنەری خۆی نارد بۆ هەڵەبجەو لە رێگای نوێنەرەکەیەوە، بڕی (14) چواردە ملیۆن دۆلاری راگەیاند کە بۆ پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانی هەڵەبجە دەخرێتە واری جێبەجێکردنەوە، ئیتر یەك رۆژنامە ورتەی لێوە نەهات!! یەك رۆژنامە ئەهمیەتی ئەو 14 ملیۆن دۆلارەی بۆ خەڵکی بێ دەرامەتی هەڵەبجە باس نەکرد!! نازانم بۆ حەزیان لەوە نەبوو خزمەتگوزاری بگاتە هەڵەبجە!!!؟؟ ئەی ئەوە نەبوو پێشتر فرمێسکی تیمساحانەیان بۆ ئەو خەڵکەو ئەو شارە دەڕشت؟؟!! ئەوە هەقە هەموو رۆژنامەو بڵاوکراوە بەناو ئەهلییەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بچن روو لە یەکێتی بکەن بڵێن چیتان پێ کردین؟! چی ماوە پێمانی نەکەن؟!.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.